**دواستون**

# شارێکی چکۆلە و هیمەتێکی گەورە

رەبەت شارۆچکەیەکە کە لە ناوچەی گەورکی سەردەشت هەڵکەوتووە. زۆربەی هەرە زۆری دانیشتووانی ئەو شارە زەحمەتکێشانێکن کە بە هۆی کەمبوونی داهاتی زەوی لە ئاواییەکانیانەوە روویان کردووەتە ئەو شوێنە و ژیانیان بە زۆری بە کرێکاری و کاروانچیەتی و کۆڵبەری و دەسفرۆشی و... تێپەڕ دەبێ. بەڵام رەبەت بە درێژایی تەمەنی حکومەتی ئیسلامی بەردەوام کانگای خۆڕاگری و بەرە نگار بوونەوە و چقڵی چاوی رژیمی ئیسلامی بووە. چ لە جەرگەی خەباتی پێشمەرگانەدا و چ لە خەباتی جەماوەریدا خەڵکی زەحمە تکێشی شاری رەبەت نموونەی لەخۆ بوردوویی و فیداکاری بوون و هەرگیز لە هەڕەشە و گوڕەشەی دوژمن سڵیان نەکردووە و لە پێناوی ئەو خۆڕاگرییەدا قوربانییان داوە.

رووداوەکانی چەند رۆژی رابردوو کە تێیدا دوو تێکۆشەری ئەو شارە کەوتنە بەر پەلاماری چەکدارەکانی رژیم و گیانیان بەخت کرد و چەندین کەسیشیان لێ بریندار بوو، رووداوێکی بە دەگمەن نەبوو. ورەی بەرزی خەڵکی شار و هاوخەمی و سۆزی ئینسانییان بۆ یە کتر وای کردووە کە دەستدرێژی مەئمورانی رژیم بۆ سەر ئەم و ئەو تەحەمول ناکەن و هەر جارێك کە ئەو دەستدرێژییە بۆ سەر کەسێك دەبینن بە خێرایی و بە یەکگرتوویی و بە تێکڕایی بەرەنگاری دەبنەوە. لەم ساڵانەدا گەلێك هەواڵی لەم چەشنەمان لەو شاروچکەیەوە بیستوە.

کەسانێك کە لە شوێنی روداوەکە بوون بیستویانە کە فەرماندەی هێزەکانی رژیم بە تایبەتی دەستوری بە چەکدارەکانی داوە کە لە کە مەر بەرەو سەر تەقە لە خەڵك بکەن. گیانی حەسەنی پویایی و مهدی محەمەد ئەمینی بوو بە قوربانی ئەم کردەوە دژی مرۆڤانەیە و پەیمانی رەسوڵ زادەش ئەو مێرمنداڵە بوو کە پێیەکی لە دەست دا. ئایا تاوانبارانی ئینسان کوژ دەتوانن هەتا سەر لە چنگ ئاوری نەفرەتی جەماوەرێك دەرباز بن کە بە دەستی بەتاڵ چاو لە چاو و روو لە روو بەرەنگاری دوژمنێك دەبێتەوە کە سەر تا پێ چەکدارە؟ زە حمەتە!

***